# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

یۆتۆبۆری28--6-2007:

## هەڵسوران لەپێناو بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی کورد دریژەی هەیە



وەفدێکی کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لە پەنابەرانی کوردی عیراقی کە پێك هاتبوو لە (هاوڕێ فاتح)بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە یۆتۆبۆری و (ڤیان کەریم)نۆینەری ڕێکخراوی ئازادی ژن لە یۆتۆبۆری ،(توفیق محمدی)نۆینەری ڕێکخراوی پەنابەرانی ئیرانی_ بێسنور، چاویان کەوت  بە بەرێز (lars johansson  )  ئەندام پەرلەمانی سوسیال دیمکراتی سوید وە (Pelle Berglund) سەرۆکی ئینتگرەخۆنی شارەوانی یۆتۆبۆری وە هەروەها (هیوا کاردۆیی و ماریا) ئەندامانی شارەوانی یۆتۆبۆری .

شایەنی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا بەدریژی باس لە بارودۆخی ناهەمواری پەنابەرانی کورد کرا لەسوید کە بریار دراوە ئیقامەی یەکسالی پەنابەرانی کورد دریژە نەکاتەوە هاوکات  بریارێك کە دادگای سویدی داویتی بەگیرانەوەی ئەو پەنابەرانە لەکاتێکدا تەواوی ناوەندە دەولەتی یەکان تاکید لەسەر نائەمنی و ناجێگیری بارودۆخی ئیستای عیراق دەکەنەوە ، وە بریارێکی وا چۆن حکومەتی سویدی دەخاتە بەردەم مسولیتێکی گەورە بەرامبەر پێشیلکاری بەرامبەر بە مافەکانی پەنابەران .

ئەوانیش تاکیدیان کردەوە کە قسەکانی نۆینەرانی پەنابەران بە جێگای اعتبار وەردەگرن و دەیکەن جیگای باسو لێکوڵینەوە و ئومید دەکەن ئەو کەیسانە هەقی خۆی پیێ بدرێت .

هەروەها لەکۆتای کۆبوونەوەکەدا نامەی دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆنیان پێدراو و راپۆرتی (UNHCR) کە باس لە ناجگیری بارودۆخی سیاسی ئیستای کوردستان دەکات ،ئەم کۆبوونەوەیە سەعات نیوێکی خایاند و بریار درا پەیوەندی بەردەوام بێت.

IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,

d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com

Jasim Gafur:  Jasm_rg@yahoo.co.uk     Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com  Mobile:

07877489626 **or** 07929010257    Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083